

# دوایین یادەوەری لە تەمدا، لە ئێوارەدا

ژاڵە حەسەن
(تەق تەق)

ئەگەر ژن و پیاوێک هەبن، بیانەوێت بچن بۆ ئاهەنگێک و هەردووکیشیان بیانەوێت جلی کوردیی نەختێک سادە بپۆشن، هەر بۆ خۆشیش حەز بکەن پێشبڕکێیەک بکەن لەسەر ئەوەی، کامیان خێراتر جلەکانی لەبەر دەکات؟ بێگومان پیاوەکە دەیباتەوە.

لە گەرماو، شێرەی ئاو دەکەیتەوە، گەرم و سارد، تا شلەتێن دەبێت. بە چەند جامێک قژت تەڕ دەکەیت، شامپۆ ڕۆ دەکەیتە سەر دەستتەوە. بایی ئەوەندەی قژت کەف بکات، هەردوو دەستت دەخەیتە قژتەوە، خێرا و تا سەر بێخ پەنجەکانت بە هەموو لایەکی سەرتدا دەگێڕیت و ئاوی پێدا دەکەی، ڕەش، خاو، قورس و تەڕ دێتە خوارەوە. هەڵدەستیت. لە جێسابوون، سابوون هەڵدەگریت، خز و لووس، لە دەستت بەر دەبێتەوە، بەسەر کاشیی گەرماودا دەڕوات. دەیگریتەوە. لە پشتتی هەڵدەسووی. لەژێر ملتەوە تا پەنجەی پێت، دەست بە مەمکەکانتدا دێنیت، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، هەڵیاندەگلۆفی، بە کەفەوە، پاشان بنباڵت، سکت و دەست بەرەو پشتت ڕایەڵ دەکەیت، دەزانیت جێیەک هەمیشە دەستت پێی ناگات، سابوون لە نێوان ڕانت هەڵدەسووی، لە کەفدا دیار نامێنێت. ئاوی پێدا دەکەیت؛ چوار جام. خاولی لە بزمار دادەگریت، لەبەری دەکەیت، خاولییەکی بچووکیش لە قژت دەئاڵێنیت و دێیتە دەرەوە.

سەرەتا ستیان، مایۆ، بیجامە، ژێرکراس و ماکسی. بیجامە و بلووز لەبەر بکەی، ئەوە ژێرکراست ناوێ. جلە پیسەکان دێنی، بە بەردەم ئاوێنەدا ڕەت دەبیت، ئاوڕێک دەدەیتەوە. خۆت وەک تارمایی دێتە پێش چاو.

دێیتە هۆڵەکە. تیلەچاوێکت دەچێتە سەر ئەو وێنەی بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە: لە چوارچێوەیەکدا، پیاوێک لەژێر سێبەری دارتوویەک وەستاوە، جلی کوردیی شینی لەبەردایە، تەسبیحێکی قەزوان بەنێوان پەنجەکانیدا شۆڕبووەتەوە. چەند تیشکێک هێڵاوهێڵ لەنێوان گەڵا سەوزەکانەوە ڕژاونەتە سەر دەموچاو و جلەکانی. پیاوەکە زەردەخەنەیەکی پانوپۆڕی بە ڕووی کامێرادا کردووە، ڕیزێک ددانی سپی دەرکەوتوون؛ چرک! «زوو بوو، زوو.» وا دەڵێیت.

بەر لەوەی جلەکان هەڵدەیتە جلشۆر، گیرفانەکان دەپشکنی. بیجامە هەڵدەگریت، دەست دەخەیتە لایەک، هیچ نییە، لاکەی تر، کلێنکسێکی لوولدراو دەردێنیت، فڕێی دەدەیتە سەبەتەی خۆڵەکە و بیجامەکەش بۆ جلشۆر، ستیان و ئەوانی دیش. پەرداخێک شامپۆ ڕۆ دەکەیتە جێشامپۆ، دوگمە دادەگری؛ چک. نەعلەکانت هێشتا تەڕن. قاچ دەخەیتە ناویان و دەچیتە حەوشە. «ئەگەر گۆرەویت لەپێدا بێ و قاچ بخەیتە نەعلەوە و نەزانی تەڕە و لەپڕ هەست بە تەڕایی ژێرپێیەکانت بکەیت، وەک ئەوە وایە برووسکە لێت بدا.»، لە ئاسمان دەڕوانی، شین و سافە. پێپلیکەیەک سەردەکەوی و سەر دەبەیتە کۆڵان. کچێکی بچووک هەردوو دەستی لە عاموودێک ئاڵاندووە و بە دەوریدا دەسووڕێتەوە. قژی لە هەردوولاوە پەلکە کردووە و با گەمەی پێ دەکات. سەرت وەردەچەرخێنیت، دوو ماڵ خوارتر، ژنێک لەبەر دەرگە دانیشتووە. چەقۆ بە دەستەوەیە و سینییەک پاقلەش لە بەردەمی، پاشەوپاش دەگەڕێیتەوە.

دوێنێ ئەم وەختە هاتیتە حەوشە، ڕیزێک جل بە تەنافەوە با دەیشەکاندنەوە. تەماشای ئاسمانت کرد، هەوراوی و ڕەش بوو. دەستت لە بلووزێک دا، وشک بوو. پێپلیکەیەک سەرکەوتی و سەرت بردە کۆڵان. پۆلێک قاز لەناو گیا و دەشتاییەکەی ئەوبەر دەیانقیڕاند. سەرت بەرەو ئەم لا سووڕاند، هەمان ژن، لە هەمان شوێن دانیشتبوو. دەستی بۆ ڕاتەکاندی. چووی. لەتەبەردێک لەسەر ڕێت بوو، وەک منداڵ بازت دا بەسەری دا و ئاوڕێکت بۆی دایەوە. «ئێستا وەک لەزگە دەمگرێت.» بە خۆتت گوت. زانیت، گرتیتی.

«خۆ ئیشت نییە؟ وەرە تۆزێ دانیشە؟» گوتت: «نیمە.» گوتی: «تۆ سەیری ئەو زیڕەلەچاودراوانە ناکەی؟» سەرت وەرچەرخاند، لە منداڵەکانت ڕوانی. «لە بەیانییەوە لەو سەگە بەستەزمانە ئاڵاون. بەرد نەما تێی نەگرن. دار نەما تێی نەژەنن، ئەویش لە جێی خۆی نابزوێ! ئەی نەتبیستووە!؟» گوتت: «چی؟» گوتی: «پیرەپیاوێک کچێکی دوازدە ساڵانی عەرەبی خواستووە.» «بۆ پا...» قسەکەت تەواو نەکرد، باران لێزمەی کرد. هەردووکتان یەک پێ هەستان و گوتی بگەمە جلەکانم. گورجێ ڕاتکرد و گوتت بەچکەکان دوو دڵۆپ لێیان دا دەمرن. قۆڵت لە چاکەت دەرهێنا و دات بەسەرتدا، گەیشتیتە قازەکان. بە پێش خۆتدان. فەرخەیەک لە بنەخەرتەڵەیەک گیر بوو، داچەمیتەوە و قازە نێرە سپییەکە بە فیشکە گەڕایەوە بۆت. فەرخەکەت دەرهێنا و چووەوە ڕیزەکەی. لە کولانە نزمەکەت خستن و شیشە ژەنگاوییەکت بە دەرگەکەیەوە نا. گەیشتیتەوە بەردەرگە و سەرسمێکت دا. قاچێکت بۆ پێشەوە خلیسکا و یەکێکت لە جێی خۆی جێما. وەخت بوو ملت بشکێ. خۆت گرتەوە. دوو منداڵ بە تەنیشتتدا فرتەیان کرد. سەیریان نەکردی، هەریەکەیان خۆی کرد بە ماڵێکدا. گەیشتیتە حەوشە. تەنافەکە نیشتبوو، جلەکانیش تەڕی تەڕ بوون. هەورەتریشقەیەک چەخماخەی دا و دنیای ڕووناک کردەوە، خورپە لە دڵت گەڕا و کەمێک ترسای. ڕات کردە ژوورەوە. لە خۆت ڕوانی، یەکپارچە تەڕ بووی. لە پەنجەرەوە لە بارانەکەت

ڕوانـی. جۆگەلەیـەک قـوڕاو لـە حەوشـەکەدا ڕێـڕەوی لـێ دابـوو.

دەچێتـە بـەر ئاوێنـە، لـە خـۆت دەڕوانـی. پیاوێـک تەماشـات دەکات، ئـاوڕی بـۆ دەدەیتـەوە.

بەیانییـەک، هێشـتا هەڵنەسـتابووی، هـات و چەرچەفـی لەسـەر لادای. بـە ماچ خەبـەری کردییەوە: «وەرە شتێکت پیشان دەم.» وای گوت و بە دەستی چەنـد جارێـک ڕایوەشـاندی. گوتـت: «وازبێنـە» «تۆ وەرە.»، دەسـتی گرتـی و بـە دوای خۆیدا بۆ حەوشـە ڕایکێشـای. «بینیوتـە چەنـد جوانـە؟» سـەیرت کـرد. بێچـووە چۆلەکەیەکـی کەمتووکـی پەڕسـوور. خـۆی نابـووە قوژبنـی دیوارێـک، نووشـتایەوە و خسـتییە نێـو چنگـی: «دەبینـی، هێشـتا تـەواو پـەڕی دەرنەکـردووە.» خسـتییە نێـو دەسـتەکانت. هێشـتا خەواڵـوو، لـەو بوونـەوەرە بچـووک و خنجیلانـەی نێـو دەسـتەکانت دەڕوانـی، کـە دەنووکـە سـوورە تیژەکەی لەنێـو لەپـی دەسـتت دەچەقاند. بـە مستێ ئـاوەوە گەڕایـەوە. دەنووکیـت خسـتە ئاوەکـەوە. «دەبینیـت چەنـدی تینـوو بوو!» وای گوت. پاڵـت بە دیوارەکەوە دابـوو و بـە دەم باوێشـکدانەوە لێـت دەڕوانـی، بـە دارتووەکـەدا هەڵزنا و بێچـووە چۆلەکەکـەی خسـتەوە نێـو هێلانەکـەی.

دواپێوەنـدی ئێوارەیەکـی دوای خۆرئاوابـوون پێـوەی کـردی. پێـی گوتبـووی: «ئەمشـەو تەمـە! ئـەی لای تـۆ؟» لای تـۆ تـەم نەبـوو. «ئـەو سـەگانەی ئەوبـەر گـەر ڕەشـەبا و خۆڵبـاران و تـەم نەبـێ، هێـرش ناکـەن. فەرمانـدە فەرمانـی داوە ئەمشـەو ئیسـراحەت نییـە.»، هێشـتا زایەڵـەی دەنگ و وشـەکانی لـە گوێتدا دەزرنگێنـەوە، کـە گوتـی: «ئـەم جـارە گەڕامـەوە هەمـان پێشـبڕکێی جـل لەبەرکـردن دەکەینـەوە.» و پێکـەوە پێکەنیـن.

دەچێتـە ژووری میـوان. مۆبایـل لەسـەر لێـواری پەنجەرەیـە، هەڵیدەگریـت. کێبڵـی بارگاویکـردن لـێ دەکەیتـەوە. تەماشـای دەکەیـت، پـڕە. دەتەوێـت بڕۆیـت، لـە شووشـە درزبردووەکـەی پەنجـەرەوە نیـگات دەچێتـە کـۆڵان. ئۆتۆمبیلێکـی سـپی لـە ناوەڕاسـتی کـۆڵان ڕاوەسـتاوە. جامـی لای شـۆفێر تـا نیوە هاتووەتـە خـوار. ژنێـک لـە بەردەمیدا وەسـتاوە و دەسـتی بـەم لاو ئـەو لادا ڕادەوەشـێنێت. جووڵـەی دەسـتی دەبینیـت و هیچـی تـر.

هەمـان وێنـە، کـە بـە دیـوار و لـە چوارچێـوەدا هەڵتواسـیوە، دانەیەکیـان بـە گەورەیـی لـێ گرتبووەوە، گوتبوویـان شـەهید دەبـێ بـە ڕێـزەوە بنێـژرێ! لـە پێشـی ئەمبولانسـیان دابـوو. چواردەوەری هـەر گـوڵ بـوو. فەرماندەکـەی ئامـادەی ناشـتنەکە بـوو. لێـت هاتـە پێشـەوە و گوتـی: «جەنـگ بـەردەوام دەبێـت! تۆڵـەی یەکـە بـە یەکـەی شـەهیدانی نیشـتمانیان لـێ دەکەینـەوە!»

لەسـەر دۆشـەکێک دادەنیشـی، فەیسـبووک دەکەیتـەوە: کچێـک لـە پێشـبڕکێی لەشـجوانی پلـەی یەکەمـی وەرگرتـووە. لـە وێنەکـەی دەڕوانـی، ڕوخسـاری ئەسـمەر، ڕانـی یەکپارچـە ماسـوولکە و هێـزە، بزەیەکـی بـە ڕووی کامێـرادا کـردووە، لـە تەنیشـتی پیاوێکـی کەڵەگـەت وەسـتاوە، پیاوەکـە دەسـتێکی گرتـووە و دەسـتی هەردووکیـان، لـە بەرزیدا ماوەتەوە؛ چرک! تێیدەپەڕێنیت. منداڵێکـی تازەلەدایکبـووی فڕێـدراو دۆزرایـەوە، نامەیەکـی چەنـد دێـڕی لـە دووتوێـی جلەکانـی خـراوە. تێـی دەپەڕێنیـت. پیاوێکـی پیـر کچێکـی دوازدە سـاڵانی عەرەبـی خواسـت. «هەمـوو ڕۆژێـک هەواڵـی دووبـارە!» مۆبایـل دەکوژێنیتـەوە. سـەرینەکەت دووقـەد دەکەیـت و دەیخەیتـە ژێرسـەرت، ڕادەکشـێیت. پانکەیەکـی سـپیی تـۆزاوی بـە بنمیچەکـەوە لێـت دەڕوانێـت. هەڵدەسـتیت، پـاڵ بـە دیوارەکـەوە دەدەیـت، سـەرهەڵدەبڕیت، پیاوێـک بـە زەدەخەنەیەکـی پانوپـۆڕەوە لـە چوارچێوەیەکدا و بـە دیـوارەوە، تەماشـات دەکات. دەڵێیـت: «زوو بـوو، زوو.»